# بۆچی دەسەڵاتە کوردیەکان ناتوانن دیموکراتی پراکتیزە بکەن؟

پارێزەر رفعت هەڵەبجەیی/ سوید

لەوانەیە زۆربەی جەماوەری کوردستان بەتایبەتی چینی رۆشنبیران بپرسن بۆچی دەسەڵاتی کوردی لە دوای تێپەڕبوونی (14) ساڵ بەسەر ئازاد کردنی هەرێمی کوردستان و گەلی کورددا کەچی هەتاکو ئێستا نەیان توانیوە سیستەمی دیموکراتی پراکتیزە بکەن لە کۆمەڵگای کورددیدا؟ بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارێکی وەها گرنگ و چارەنووس ساز دەبێت بگەڕێین بە دوای هۆکارەکاندا. ئەو هۆکارانەی کە زۆر سەرەکی و دیارن و بوونەتە رێگر لەبەردەم پراکتیزە کردنی دیموکراتی لە هەرێمی کورستاندا ئەمانەن.

**یەکەم ــ هۆکاری سیاسی**/ لە سیستەمی دیموکراتیدا وەرگرتنی دەسەلآت تەنیا لە رێگەی سندوقی دەنگ دانەوە دەبێت. ئەمەش گەورەترین کێشەی ناوەتەوە بۆ سەرانی کورد.

کێشەکەش ئەوەیە دیموکراتی سیستەمێکی نوێ و شارستانی سیاسی نێو دەوڵەتیە کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا پیادە دەکرێت بەتایبەتی لە ئەوروپاو ئەمەریکادا. وەهەروەها یەك جۆر بنەماو دروشم و ئامانجی هەیە هەر دەسەڵاتێکی سیاسی لە هەر وڵاتێکی دونیادا بیەوێت دیموکراتی بێت دەبێت پابەندی ئەو بیردۆزە بنەمایانە بێت کە جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ و هەروەها بنەماکانی دیموکراتی بانگەشەی بۆ کردون.

کەچی دەسەڵاتدارانی کورد. چۆن هەموو شتێك لە کوردستاندا لەژێر کۆنترۆڵی ئەواندایە هەروایش ئەیانەوێت دیموکراتیش بە عەقڵیەتی دواکەوتوی ئەوان پیادە بکرێت. بەمانەیەکی تر ئەوان نایانەوێت خۆیان لەگەڵ دیموکراسیدا بگونجێنن، بەڵکو ئەیانەوێ دموکراسی لەگەڵ عەقڵیەت و مەزاجی ئەواند بگونجێت. لەسیستەمی دیموکراتی دا شەرعیەتی دەسەڵات تەنیا لە رێگەی سندوقی دەنگدانەوە دەبێت. کەچی رێبەرانی کورد کاتێك بڕوایان بەسندوقی دەنگدان هەیە کە خۆیان براوە بن. ئەمەیش شتێکی نەکراوو نەگونجاوە هەڵبژاردن بۆیە دەکرێت بۆ ئەوەی حزبێك دەربچێت و بۆ ماوەی 4 ساڵ ئەو دەسەڵات بەڕێوە ببات حزبەکانی تریش لەناو بەرلەماندا وەکو حزبی نەیار (معارض) دەمێننەوە تا هەڵبژاردنی داهاتوو. بەڵام بەداخەوە لەناو دەسەڵاتی کورددیدا ئەزمەی بڕوا بەیەك نەبوون و یەکتری قبوڵ نەکردنە. بۆیە لە دوای دووجار هەڵبژاردن ئێستاش حزبی براوە بەدەرنەکەوتوو هەر پەنجا بە پەنجا دەسەڵات دابەش کرا. کە گەورەترین زیانی بە دۆزی گەلەکەمان گەیاندووە.

**دووەم ــ هۆکاری ئابووری**/ هۆکاری ئابووری پەیوەندی و کاریگەریەتیەتی ڕاستەخۆی هەیە لەگەڵ هۆکارە سیاسیەکەدا. ئەویش ئەوەیە. هەر یەکێك لەو دوو دەسەڵاتە ئەیەوێت ڕابەرو نوێنەری گەلی کوردستان خۆی بێت. چ بەدەسەڵاتی سەربازی بێت یان لە رێگەی هەڵبژاردنەوە بێت. لەبەرئەوە هەر یەکێکیان ئەیەوێت گەورەترین و بەرزترین سەرچاوەی دارایی بە دەستەوە بێت کە خۆی لە ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستاندا ئەنوێنێت هەروەها خاڵە گومرگیە سنوریەکانیش ئەگرێتەوە. چونکە لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو هەژارو داتەپیوی وەکو کوردستاندا تەنیا سەرمایەو هێزی سەربازی زامنی پیادەکردنی دەسەڵاتە ئەو دوو حیزبە هەم خاوەنی هێزی سەربازی گەورەو هەم خاوەنی ملیارەها دۆلار پارەی خەوێنراون لە بانقەکانی ئەوروپا و جنیف دا لەبەرئەوە پیادەکردنی دیموکراسی پێویستی بە دامەزراندنی سەدان دام و دەزگای خزمەت گوزاری هەیە لە هەرێم دا هەر

**یەکێك لەو دام و دەزگایانە پێویستی بەخەرج کردنی بۆ دجەیەکی گەورە هەیە لە سەرمایە. ئەوانیش لەوبوارەدا ناوێرن پارەی خۆیان خەرج بکەن بۆ خزمەت گوزاری خەڵکی کوردستان لەبەرئەوە دیموکراتی بەبێ دام و دەزگای خزمەت گوزاری** (المؤسسات الخدمیە) **و شارستانی** (المؤسسات المدنیة) **وەکو دارێکی بێ بەر وایە و هیچ سودێکی نیە تەنیا دروشمی بەتاڵە.**

**سێ یەم _ نەبوونی هۆشیاری/ نەبوونی هۆشیاری سیاسی و ڕۆشنبیری لەناوچین و تۆیژەکانی جەماوەردا یەکێك لە هۆکارەکانی تری دواکەوتووی کۆمەڵگای کوردیە لەبواری ڕۆشنبیری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا.**

**تاکی کورد هێشتا مانای هاووڵاتی بوون و ئەرك و مافەکانی خۆی نازانێ. هەروەها لە بواری سیاسی و ڕۆشنبیری و فەرهەنگیدا یەکێکە لە گەلە دواکەوتووەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هۆشیار کردنەوەی جەماوەر و ئاشنا کردنیان بە شارستانیەتی دونیا و پێشکەوتن مافەکانیان ڕێ لێژکردنە بەدەسەڵاتی خۆیان چونکە چەندە میللەت چاوکراوەو هوشیار بێت ئەوەندە دەسەڵاتی ڕەهاو دکتاتۆریەت بەرتەسك دەبێتەوە ئینجا ئەگەر سەیری دەسەڵاتی کوردی بکەین دەبینیین هەم دەسەڵات وهەم ڕابەرەکانی درێژکراوەی دەسەڵاتی تەکیەو خانەقاو دیواخانەکانەو ڕابەرە کانیشیان بەرەچەڵەك. شێخ ومەلاو ئاغان هەریەکە لەم سێ کەسێتیە زادەی هەل و مەرجێکی دواکەوتویی کۆمەلگای کوردین و هەمیشە لەکونجی خانەقاو تەکیەو دیواخانەکاندا فەرمانیان داوەو جەماوەری دەروێشیش خزمەت گوزارو ڕەعیەتیان (کۆیلە) بووە لەبەرئەوە نایانەوێ ئەو قودسیەت و دەسەڵاتە لە دەست خۆیان بدەن.**

rafathallbjaey@hotmail.com